نە ئەندامی یەک خێزان لە بەردوومانێکی تورکیا بە سەر ڕۆژئاوای کوردستان گیانیان لەدەستدا



شەوی رابردوو 16ـی ئادار، بەهۆی بەردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە سەر باشووری شاری کوبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان، 9 ئەندامی یەک خێزان گیانیان لەدەستدا.

بەگوێرەی راگەیەنراوێکی هێزەکانی سووریای دیموکرات، خێزانێکی 9 کەسی کە پێکهاتوون لە حەوت کچ و سێ کوڕ و دایک و باوکێک لە کوبانێ گیانیان لەدەستدا.

جگە لە نە ئەندامی خێزانێکە کە گیانیان لەدەستدا، 2 کەسی دیکەش بەسەختی بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون و بارودۆخیان ناجێگیرە.